# بانگەوازی خۆپیشاندان لە هێلسینکی
# دژ بە زیندانی کردن و ڕفاندنی مەحموود سالّحی و مەنسوور ئۆسانلوو

کۆنفدراسیۆنی ناونەتەوەیی یەکیەتییە کرێکارییەکان (ITUC) و فدراسیۆنی ناونەتەوەیی کرێکارانی گواستنەوە (ITF) لە ڕاگەیاندنێکدا، ڕۆژی 9 ی ئاگۆستیان وەک ڕۆژی ناونەتەوەیی نارەزایەتی بە زیندانیکردنی مەحموود سالّحی و مەنسوور ئۆسانلوو ڕاگەیاندووە و داوایان لە ڕێکخراوە کرێکارییەکانی جیهان کردووە کە لەم ڕۆژەدا لە پێناو ئازادکردنی ئەم دوو ڕابەرە کرێکاریە، ئاکسیۆنگەلێکی هاوئاهەنگ لەبەردەم سەفارەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەرێ بخەن.

ئێمە، بە ڕێخستنی خۆپیشاندانێک لە هێلسینکی بەپیر ئەم بانگەوازە مەزنەوە دەچین و هەموو تاک و ڕێکخراوێکی مرووڤدۆست و ئازادیخواز بانگەواز دەکەین کە لە ئاکسیۆنی 9ی ئاگۆستی هێلسینکییدا بەشداریی بکەن.

**کات و شوێن:** پێنجشەممە 2007/8/9 ، کاتژمێر 14 لە مەیدانی Hakaniemen tori کۆ دەبینەوە و پاشان کاتژمێر 16 بەرە و سەفارەتی ئێران : Kulosaarentie 9 ڕێدەکەوین.

## کۆمیتەی دیفاع لە مەحموود سالّحی – فینلەند


soran.zaki@hotmail.com 2007/7/27

TEL: 00358 (0) 440 604 778